## paltalk  تاکڵپا ...شانسە لە کیسی مەدەن

...ئیسماعیل کەریم...
ئەلمانیا
halabjayi@hotmail.com

یەکێک لە بەرهەمە جوانەکانی تەکنەلۆژیا کە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە ئێمەی کورد بە گشتی و کوردانی هەندەران بە تایبەتی بکا سیستەمی پاڵتاکە (paltalk) کە، پاڵتاک... ئەو ئەو دیوەخانەیە کە شەوانە لێی کۆدەبینەوە ، هەر جارەی بابەتێک سەر خەتی قسەو باسەکانمانن، کە مرۆڤ دوور لە هەڕەشەو چاو زیت کردنەوەی دەستەڵات بە ئازادی دەتوانێ هەموو قسەیەک بکات و پەنجە بخاتە سەر برینەکان بەبێ هیچ کێشەیەک کە بێتە هۆی نان برین و لەکار دەرکردن وترۆ بونت لە شوێنی کارت

هەروەها ئەم دیوەخانە بوتە پردێکی باش لە بەینی کچان و کورانی ناوەوەو دەرەوەی ووڵات، کە هەمیشە ئاگایان لە هەموو گۆڕان کاریەکانی ناوەوەو دەرەوە بێت هەر لەم ڕیگەیەوە( هەندێک) لە کیژان و کوڕان توانیویانە (چەند)!!! پەیمانێکی جوان بەیەک بدەن و ( چەند) پەیوەندیەکی مرۆڤ دۆستانە پێکەوە گرێ بدەن، ئەنجامیش بۆتە هۆی خۆشەویستەکی پاک و ئەونێکی بێگەرد، ئەوە بەرهەمی تەکنەلۆژیایە کە دەتوانێت پەیوەندیەک دروست بکات لە بەینی کچان وکوڕاندا لە باشورەوە تا باکور لە م سەری دونیا بۆ ئەو سەری دونیا، پالتاکە دەتوانێت دریژە بدات بەم پەیوەندیانە پاڵتاکە دەبێتە هاوڕێی شەوانەی ماڵە ساردو تەنهاکانی تاراوگە نشین، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە تەنهان و شەوانیان کابوسێکە لەمەرگ، ، !!!

پاڵتاکە دەبێتە هۆی ئاوەدانی ماڵە ساردو تەنهاکەت، ، چەندین دۆست و هاوڕێت لێ کۆدەکاتەوە، خەمی تەنهایی وغوربەتت لە کۆڵ دەکاتەوە

زۆر دەسکەوتی جوانتری هەیە بەڵام ڕەنگە تا ئێرە بەس بێت، ڕووی گەشی پاڵتاک دەربخەم، چونکە ئەم سیستەمە بە زۆر بەمان نامۆ نیە، بە تایبەتی کوردانی تاراوگە...،

هەندێک لە ژورەکانی پاڵتاک هۆکاری دروست بونیان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە چەند کەسێکی لە خۆ بردەو ماندو نەناس بەبێ لە بەرچاو گرتنی هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی تایبەتی، هەستاون بە کردنەوەی چەند ژورێک بە مەبەستی زیاتر وزێدە تر خزمەت کردن بە تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردی، ، ئەڵبەت ئەم ژورو کەسانە مایەی دەست خۆشی و دڵ خۆشی هەموانە، ، کە بونەتە لانەیەک بۆ داڵدەی مەلی ئاوارە نشینمان لە تاراوگە بە تایبەتی...،

چونی هەر یەک لە ئێمە بۆ ژورەکانی پاڵتاک بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن و زانیاری زۆرترو خۆ ڕۆشنبیرکردن و کەمێک ئارامی بۆ دەرونمان، بۆ ئەوەی کەمێک لە قەڵەباڵەخی دەروە رزگارمان بێت، ، دەرەوەیەک کە پڕە لە ماڵ وێرانی ونا عەدالەتی و دڵ شکان و سەر شکان و ڕۆح شکانی مرۆڤەکان !!!

بۆیە ئازادی لەم ژورانەدا چەندێک بێت هێشتر هەر کەمە، مرۆڤ بتوانێت بە کامی دڵ ئازادانە هەموو قسەو باسێکی خۆی بکات بە دوور لە چاوی ئەو سانسۆرانەی کە ساڵەهای ساڵە ووشە و ڕازەکانمانیان لە قەفەسی دڵدا هێشتۆتەوە، ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لە خەبات کردندا بوین بۆ ژیانێک کە بتوانین ئازادانە ئاراو بۆچونەکەنی خۆمان دەربڕین ...،

دیارە لە هەموو شوێنێک و وڵاتێکی ئەم جیهانە بە گشتی و لە نێو ژورەکانی پاڵتاک بە تایبەتی سیستەمی دیاری کراو هەیە بۆ قسە کردن و کرداری ئازادی مرۆڤەکان، لە شوێنێکەوە بۆ شونێکی تر لە ژورێکەوە بۆ ژورێکی تر ماناو چەمکەکانی ئازادی دەگۆڕێرێت، ، ئەمەش ناکرێت بە نەنگی دابنرێت چونکە ئازادی بۆ خۆی پرۆسەیەکی رێژەییە نەک نەگۆڕ وەک هەندێ کەس پێناسی بۆ دەکەن، ، من لام

ڕونە هیچ تاکێکی کورد ئازادیەک ناخوازێت کە بێتە مایەی سەر لێشێواوی و بەرەڵای و هەچ کەس بۆ خۆی، وەک هەندێ لە سیاسەت مەداران و (ئەدمین)نانی ژورەکان باسی لێوە دەکەن!
ئێمە تاکە دەروازەیەک بۆ ئازادیەکانمان لە قسە کردندا لەسەر سەرجەم دیاردە پەستەکانی کۆمەڵگاو نە هامەتیەکانی دەستەڵاتی کوردی کە بەسەر میلەتەدا هێناویەتی ، پاڵتاکمان هەڵبژاردوە بۆ قسەو ماڵپەرە کوردیەکانیش بۆ نوسین، ، بەڵام دەبینین وەک هەریەک لەشتەکانی تربەکار هێنانیان بە هەڵە وەک لە ئامێر و دەست کەوتەکانی تری زانست وەک تەلەفونی دەستی کە لای هەموان ئاشکرایە لە کوردستان چەندین مەرگەساتی لێ کەوتەوە تەلەفونی دەستی، بە هەمان شێوەش (پاڵتاک) وردە وردە خەریکە وای لێ دێت هەندێ لە خاوەن ژورەکان چەندین کۆت و پێوەندیان داناوە بۆ کردنە دەست وپێی ئەو مرۆڤە ئازادی خوازانەی کە خولیای ئازادین و دەیانەوێت بە سەربەستی باسی سەرجەم دیاردە گەندەڵەکانی کۆمەڵگاو دەستەڵات بکەن، ئەم زەوت کردنی ئازادی قسە کردنانە لە (پاڵتاک) دا تەنها لە ژورە کوردیەکاندا هەیە
هەڵە بەکار هێنانی ئەم سیستەمە ڕۆژانە ماڵ وێرانی تریشی بە دواوەیە، وەک ئەو هەموو درۆ و ڕیاکاریەی کە کچان و کوڕان لەگەڵ یەکدی دەکەن،بەردی بناخەی هاوڕێیەتیی و خۆشەویستیانی لەسەر بونیاد دەنێن، پەیوەندیەک کە هەر لەسەرەتاوە زەنگی لێک دابڕان وهەڵوەرینی گوڵی باخچەی خۆشەویستی و شکانی شوشەی دڵەکان لێ دەدا، ، چونکە کەسیان خاوەنی ئەو وێنەیە نین کە لای یەکتر کێشاویانە، چەند خۆشە مرۆڤ هەمیشە ڕاستگۆ بێت لەگەل بەرامبەرەکەیدا!!! خاوەن هەموو بەڵێن و قسەکانی بێ!!!زمانی قسە کردنی تەنهاو تەنها گوزارشت بێت لە مەبەستەکانی ناخی!!!
سەر هەڵدانی کێشەکان لێرەوە دەست پێ دەکات،کە مرۆڤەکان لەناو ئەم سیستەمەدا دەتوانن چەندین شکڵ و فۆرم و وێنا بۆ خۆیان دروست بکەن، بە قەد ئەوەی کە هیچ کام لەم شتانە گوزارشت نیە لە ناخی ئەو کەسە، ئەڵبەت مەبەستم هەردوو ڕەگەزەکەیە نێر و مێ، ئەمەش وەک لە پێشدا وتم تەنها ڕەنج بەخەساری و ماندوو بوون وکات کوشتن نەبێ هیچی لێناکەوێتەوە، لێرەدا جێی خۆیەتی دەست خۆشی لە هەموو ئەو کیژو کوڕانە بکەم کە لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە توانیویانە پەیوەندیەکی جوان و مرۆڤ دۆستانە پێکەوە گرێ بدەن، بە دوور لە هەموو گومان و تەم تومان و وێنەی دروست کراو بۆ کەسێتیان، بە هێندەی مەبەستێکی پاک و پیرۆز کە مافی هەریەکێکە لە هەوڵی دروست کردنی ئەو جۆرە پەیوەندیانەدا، ، بەڵام ڕەنگە ئەم شانسە کەمترین کچ و کوڕی کورد بگرێتەوە، وەک هەموو ئەو هەلە جوانانەی تر کە ڕوو بەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە...!!!
بۆیە دوبارەوە دەڵێم هێندەی لە هەوڵی ئەوەداین ئەم سیستەمە قیزەون کەین وەک ئەو بارانەی دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گوڵەکان، با هێندە هەوڵەکانمان لەوە چڕ بکەینەوە وەک ئەو بارانەی دەبێتە هۆی لە دایک بوون و سەوز بوونی گوڵەکانی باخچەکەمان، ، ژیانمان بۆ پڕ دەکاتەوە لە بۆنی گوڵ لە ڕەنگی گوڵ لە چرپەو حەز بۆ ماڵی دڵ..,,,!!!